کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-11-2007 22:11بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# وانەیەک بۆ پۆلیسی هەولێر و موکافحەی ئجرامی هەولێر ... ئالان

لەرۆژی 071108 لە رێگەی کەناڵی زاگرۆزەوە لە هەواڵەکاندا ئەو دوو دەزگایە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان ئەنجامدا سەبارەت بە چالاکێکانیان... کە دەست گیر کردنی 9 تاوانباری دزو پیاو کۆژبوون.. تا ئێرە زۆر باشەو دەست خۆشیان لێدەکەین بەلام، ئەوەی جێی سەرنج و توورەبوونمە ئەوەیە کە لە کۆنگراکەدا تەنها شوێن و ناوی لەدایک بەەنی چەند کەسانێک خوێندرایەوە کە ئەمانە بوون یەکێ لەتاوان بارەکان خەلکێ سلێمانییە دوانیان خەلکی کوردستانی رۆژهەلاتن یەکێکی تریان خەلکی کەرکوکە... بەم شێوەیە شوێنی لە دایک بوونی هەندێکیان ئاشکرا کرا.. ئەوانی تر کەس ناوەکانی نە زانین و شوێنی لە دایک بوونی نە زانین...

ئە ئەوکەسانەی پارێزەری یاساو یەکسانی کۆمەلایەتین. ئەکرێ بپرسین ئەوانەی تر خەلکی کوێبوون؟؟؟؟؟؟؟... بۆ بەتەنها ناوی و ئەوانە وشوێنی لەدایک بوونیان ئاشکرا کرا ئەی ئەوانە تر
لەوەش پێکەنیناوی تر وێنەکان هەوڵدراوە کە ئاشرا نەکرێن بەلام ناو شوێنی لە دایک بوونی هەندێکیان ئاشکرادەکرێت... تۆ کە بەخەتێکی ئەستووری پان وێنەکانیانت داپۆشیوە بەتایبەتی لە سەر چاویان.. تاریکیت دروست کردوە ئە بۆ ناویان ئاشکرادەکەیت. ؟؟؟؟؟؟

من لێرەوە وانەکەم دەست پێدەکات.. بەرێزانی دەزگاکانی نەهێشتنی تاوان و پۆلیس لەم وولاتەی من لێی دەژیم ئەخلاقیەتێکی جوان هەیە لە وبوارانەدا بۆیە پێم خۆش پێتانی بلێم لە سوید هەر تاوانێک رووبدات زۆر بەدەگمەن ناوی کەسی تاوانکار و شوێنی لە دایک بوونی ئاشکرا دەکرێت... بۆ ئەوەی لە رێگەی پۆلیس و میدیاکانەوە هاولاتیان وێنەیەک لەسەر شارێک یان نە تەوەیەک وەرنەگرن بە سلبی بە تیبەت بە کەی بگانە. پۆلیس بۆی نیە بلێت پەنابەرێک یان کەسێکی فلان باگرووند ئەم تاوانەی کرد... تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە ئەوکەسی پۆلیس بۆی دەگەرێت لەرێگەی میدیاکانەوە شێوەی وەسفکات رەنگە بلێت سەررەشە رەنگی چاوی یان بالای... دەنا ناکرێت بلێ کوردە یان عەرەبە یان سویدەیە. ئەمە ورییایەکە کە نابێت رێگایەک خۆش بکرێت کە راسست و جیاوازی بخۆلقێنیت...

ئەزانن ئەزیزان گەر لێرەبوونایە زۆر بەئاسانی لەسەر ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانیە دەردەکران چونکە راسستی ە جیاوازی دروست دەکەن... بەرێزان کەریم سنجاری و تەها بەرواری و خەسرەوگۆران... دەیانی تر ئاگاداری ئەمانە هەن جوونکە لە سوید ژیاون دەکرا شتی لەو ئەزموونە بێنەوە بۆ ئێوە... بەلام من هێدەی پێم بکرێت ئەو وانانە بە ئوەدەلێمەوە.. بە بێپاداشت.. گەر هەراسان نەدن... پێم وانیە زاگرۆزتیڤێ ئەم مونتاژەی کردبێت و ئێوەی کردییتە ئەم تەڵەیەوە...
زۆرخۆشحاڵ دەبم گەر وەلامم بدەنەوە بەم شێوەیەکی ئاشکرا یان هیچنەبێت بە خۆم لەرێگەی ئەم ئەدرەسەوە...

allan410@hotmail.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.